# مۆڵەت نەدانی گرووپی کۆمپانیا، بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان لێی بەرپرسیارە

دارای جەلیل خەیات بۆ راوێژ



ژووری بازرگانی و پیشەسازی هەولێر، یەکێکە لەو شوێنانەی کە تایبەتە بە رایکردنی کارە بازرگانییەکان و پیشەسازییەکان، ئەو ژوورە یەکێکە لەو شوێنانەی کە هەمیشە پارێزەرەکان بۆ کاری بریکارییەتییان، سەری لێ دەدەن.
هەندێک پرسیار کە بازرگان و پارێزەرەکان پێویستییان بە وەڵامییەتی، لە نزیکەوە راوێژ لە بەڕێز( دارا جەلیل خەیات) ی سەرۆکی ئەو ژوورە کرد:

**راوێژ: لەژووری بازرگانی هەولێر رێگە نادرێت بە دامەزراندنی گرووپی کۆمپانیاکان؟**

دارا جەلیل خەیات: ئێمە لەرێگەی خۆمانەوە نوسراومان بەرزکردۆتەوە بۆ وەزارەتی بازرگانی، بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتە بەڵام رێگە نەدان بە دامەزراندنی گرووپی کۆمپانیاکان، ئەوا بەرێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان لێی بەرپرسیارە، نەک ئێمە، چونکە یاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان رێگە بە دامەزراندنی گروپی کۆمپانیاکان نادات.

**راوێژ: گەر یاسا رێگە نادات بە دامەزراندنی گرووپ بۆ کۆمپانیاکان، بەڵام لە کوردستان کۆمەڵێک کۆمپانیای گرووپ هەن؟**

دارا جەلیل خەیات: راستە کۆمەڵێک گرووپی کۆمپانیا هەن، بەڵام ئەمە بۆتە شتێکی واقیع، وا دیارە ئەوانە پێشتر دامەزراون بەڵام ئێستا رێگە نادرێت بە دامەزراندنیان.

**راوێژ: ژووری بازرگانی ناسنامەی نایاب نادات بە بازرگانەکان و خاوەن کۆمپانیاکان، تەنیا چەند کەسانێک ئەم ناسنامەیان هەیە؟**

دارا جەلیل خەیات: ناسنامەی نایاب بەندە بە سیستەمی دارایی خاوەن کۆمپانیاکە یان بازرگانەکە، گەر توانایی دارایی ٣،٥ سێ ملیون و نیو دۆلار بێت بە پاڵپشتی بانک، ئێمە ناسنامەی نایابی پێ دەدەین.

**راوێژ: ژووری بازرگانی ئیفادی زۆرە بۆ دەرەوەی وڵات، بەڵام وەک تێبینی دەکرێت ئەم گەشتانە قۆرخ کراوە بۆ چەند کەسێک و چەند کۆمپانیایەک؟**

دارا جەلیل خەیات: ئێمە چالاکییمان زۆرە و خزمەتێکی زۆری شاری هەولێر و بازرگانەکانمان کردووە و ژووری بازرگانی زۆر جیاوازە لە پێشتر و چالاکییەکانمان لە رادەبەدەرە، زۆرجار هەندێک کۆمپانیا یان بازرگان کە بانگهێشتی دەکەین نایەت، ئێمەش ناچارین بانگهێشتی ئەوانە بکەین کە متمانەمان پێیان هەیە و چالاکن.

**راوێژ: گلەیی ئەوە دەکرێت ئەندامانی ژووری بازرگانی پابەند نین بە کاتی دەوام و بە ئارەزووی خۆیان دێن و دەچن هەر کات بیانەوێت؟**

دارا جەلیل خەیات: ئەنجومەنی ژووری بازرگانی ناچار نییە بە دەوام کردن، تەنیا مانگی جارێک کۆبوونەوە دەکات و بۆ رانەوەستانی کارەکان، لیژنەی جۆراو جۆر و هەمیشەییمان داناوە.

**راوێژ: موچەی ئەندامانی ژووری بازرگانی چەندە؟**

دارا جەلیل خەیات: ئێمە خۆبەخش کار دەکەین.

**راوێژ:تۆ چۆن دەڕوانییە پارێزەر؟**

دارا جەلیل خەیات: من پارێزەرانم خۆش دەوێت و هەر کارێکیان هەبێت ئێمە کار ئاسانیان بۆ دەکەین و دوایان ناخەین بەمەرجێک داواکارییەکانیان یاسایی بن.